حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلاندانان
دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان








# راپۆرتی ئاڵوگۆری بازرگانی (هاوردە) بۆعێراق و هەرێمی کوردستان

## لەنێوان ساڵانی 2016-2017

بەشی ئاماری بازرگانی

ئەیلول 2018

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی پلاندانان

دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

# راپۆرتی ئالوگۆری بازرگانی(هاوردە) بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان

# لەنێوان ساڵانی 2016-2017

بەشی ئاماری بازرگانی

ئەیلول 2018

## پێشکەشە

لە چوارچێوەی کارەکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بۆ بەدەست هێنانی داتا و نیشاندەری جۆراوجۆر کە یەکێك لەم سێکتەرە گرنگانە هاووردە و هەناردەیە و لە هەرێمی کوردستان بە سەرچاوەیەکی گرنگی ئابووری هەرێم هەژماردەکرێت. بۆیە بەشی بازرگانی لە دەستەی ئاماری هەرێم  لە هەوڵی ئەوەدابووە کەئەم زانیارییانە دابین بکات کە لە "رایۆرتی ئالوگۆری بازرگانی نێوان عیراق و هەرێمی کوردستان لەگەڵ وولاتانی جیهان 2016-2017" هاتووە و لە لایەن وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی/بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان ئامادە کراوە و لێرە بە دەرفەت دەزانین کە سوپاسیان بکەین بۆ دابین کردنی ئەم زانیاریانە و دەستەی ئاماری هەرێم بە پێویستی زانی ئەم راپۆرتە بڵاو بکاتەوە دوای رێکخستنی لە لایەن دەستەوە کە هیوادارین سوودبەخش بێت.

سیروان محمد محی الدین

سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێم

## ناوەرۆك

پێشكەشە..........................................................................................................................................
لیستی خشتەكان .........................................................................................................................
لیستی هێڵكارییەكان...........................................................................................................................
پێشەكی.................................................................................................................................1
هۆكارەكانی ئەم جیاوازی بریتیە لە..........................................................................................................3

## لیستی خشتەكان:

خشتەی 1:هەڵسەنگاندنی نێوان ئاماری هاوردە بۆ عیراق لە ساڵی 2016 ( ملیار دۆلار).......................................................5
خشتەی 2: هاوردەی عیراق و هەرێمی كوردستان لە وولاتانی جیهان ساڵانی 2016 -2017....................................6
خشتەی 3: ئالوگۆری بازرگانی نێوان عیراق ، هەرێمی كوردستان و وولاتانی جیهان به پێی كیشوەرەكان ( هاوردە )
لە ساڵانی 2016 -2017...............................................................................................................................7
خشتەی 4: ئالوگۆری بازرگانی نێوان عیراق ، هەرێمی كوردستان و وولاتانی جیهان به پێی كۆمەلەی HS (هاوردە)
لە ساڵانی 2016 -2017...............................................................................................................................9

## لیستی هێڵكارییەكان:

هێڵكاری1: هەلسەنگاندنی ئالوگۆری بازرگانی نێوان عیراق ، هەرێمی كوردستان و وولاتانی جیهان (هاوردە)
لە ساڵانی 2016 -2017.................................................................................................................................7
هێڵكاری2: ئالوگۆری بازرگانی نێوان عیراق ، هەرێمی كوردستان و وولاتانی جیهان به پێی كیشوەرەكان(هاوردە)
لە ساڵی2017...........................................................................................................................................8
هێڵكاری3: هەلسەنگاندنی هاوردە نیوان عیراق و هەرێمی كورستان لە ساڵی 2016............................................................10
هێڵكاری4: هەلسەنگاندنی هاوردە نیوان عیراق و هەرێمی كورستان لە ساڵی 2017............................................................10

# ئالوگۆری بازرگانی (هاوردە) - عیراق و هەرێمی کوردستان

**پیشەکی :**

لە جیهانی ئەمرودا, هەبوونی بەرنامەکانی ئابووری گشتگیر بابەتێکی سەرەکی و پێویست دەژمێردرێت بۆ وولاتانی ثێشکەوتوو. ئەم وولاتانە هەوڵ دەدەن هەمووسەرچاوەمرۆیی و ئابوورییەکانی خۆیان بەگەربخەن بۆ گەیشتن بە رێژەی بەرزتر لەگەشەی ئابووری. ئەمە هۆکارێکە بۆ ئەوەی کە بەشی بازرگانی دەرەوە پێگەیەکی بەهێزی بێت لە سیاسەتی ئابووری وولاتان بۆ دارشتنی چوارچێوە و جێ بە جێ کردنی بەرنامەکانی گەشەکردن و پەرەپێدانی ئابووری.

لەلایەک, هاوردە بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ پشتگیریەکی گرنگ بۆ ئابووری نیشتمانی دابین دەکات لە رێگای بەدەست هێنانی کەل و پەلی پێویست بۆ بەکاربەر, کەل و پەلی وەبەرهێنان و ئامێر و ئامرازی بەرهەم هێنانی پێویست بۆ پرۆسەی پەرەپێدان وەهەروەها لە زیادکردنی گەشەی مامناوەندی داهاتی نیشتمانی رۆڵێکی بەرچاوی هەیە و لە لایەک تر هەناردە بە شێوەیەکی راستەخۆ کاریگەری هەیە لە زیادبوونی داهاتی نیشتمانی.

عیراق یەکێکە لە وولاتانی رۆژ هەلاتی ناوەراست کەکێشە وگرفتەکانی بووەتە جێگای توێژینەوەی ئابووری وسیاسەتی نیودەولەتی بەتایبەت دوای سالی 2004 کەکێشە ئابووریەکان پەرەی سەندووە

سەرچاوەی سەرەکی داهاتی عیراق نەوتی خاوە کە یەدەکی زۆرتر لە 140 ملیار بەرمیل خەڵمیندراوە و لە ساڵی 2016 هەناردەی مامناوەندی رۆژانەی و لە باشووری عیراق 3,3 ملیۆن بەرمیل بووە و 90% داهاتی عیراق و 80% قەبارەی بازرگانی دەرەوەی عیراقی دابین کردووە.

داهاتی گشتی بۆ تاکە کەس لە عیراق (GDP) نزیکەی 4180 دۆلار بووە[1] , دابەشبوونی داهاتی گشتی اجمالی (GDP) لە ساڵی 2016 لە کەرتی کشتوکاڵ 5.7%, لە کەرتی پیشەسازی 45% و لە کەرتی خزمەتگوزاری 49.3% بووە و گەشەی ئەم داهاتە لە ساڵی 2016 بەراوورد بە ساڵی 2015 نزیکەی 10.3% بووە کە زۆرتر بە هۆی بەرزبوونی نرخی نەوتی خاو بووە.

---

[1] سەرچاوە:

CIA factbook

EW Economic Center

UN Economic Statistical Center

گۆرینی سیستەمی سیاسی لە عیراق لە ساڵی 2004, گەشەی ژمارەی دانیشتوان, بەرزبوونەوەی داهاتی تاکەکەس و هەوڵ دان بۆ دابین کردنی پێویستی بازار و هاووڵاتیان هۆکارێک بووە بۆ زیادبوونی ئاستی هاوردە بۆ عیراق بە جۆریک کە بڕی هاوردەی عیراق لە ساڵی 2004 بۆ ساڵی 2016 لە (10)ملیار دۆلار گەیشتووە بە نزیکەی (47)ملیار دۆلار[2].

ئەم گەشەیە لەلایەک هۆکارێک بووە بۆ بۆژاندنەوەی بازار و بەگرخستنی چالاکییە بازرگانییەکان, بەڵام لەلایەکی ترەوە توانای عیراقی لە بواری کشتوکاڵ , پیشەسازی و بە گشتی بەرهەم هێنان لاواز کردووە . بۆ نموونە بڕی هاوردە لە بەشی بەرهەمە ئاژەلییەکان, سەوزە و مێوەجات, رۆن و خواردن و خواردنەوە لە (2,4)ملیار دۆلار لە ساڵی 2004 گەیشتووە بە زۆرتر لە (10,3)ملیار دۆلار لە ساڵی 2016. بە واتایەکی تر لە بەرامبەر 40% گەشەی ژمارەی دانیشتوان. بڕی هاوردە بۆ ئەم کەل و پەلانە نزیکەی 4,29 جار زیاد کردووە.

ئەم گەشەیە بۆ هاوردەکردنی ئۆتۆمبیل و کەل و پەلی یەدەکی ئۆتۆمبیل لە (1,3) ملیار دۆلار لە ساڵی 2004 گەیشتووە بە (5,3)ملیار دۆلار لە ساڵی 2016 و (4,1) جار زیادی کردووە.

بابەتی ئامار و زانیاری, دارشتنی بەرنامە و بەرێوەبردن لە بابەتە سەرەکییەکانی پەرەپێدان دەژمێردرێت و لە دارشتنی بەرنامە لە هەر دامەزراوێک وەک سەرەکی ترین و بەرچاوترین بنەما پشت پێ دەبەسترێت بە جۆرێک کە پەرەپێدان بە بێ ئامار و زانیاری دەستەبەر ناکرێت.

ئەم فاکتەرە گرنگە ئەو کاتە ئەنجامی هەیە کە روانگەمان بۆ بینینی ئامار و زانیاری, گشتگیر و هەمەلایەنە بێت. ئەم بیروکەیە هەڵەیە کە ئاماری و زانیارییەکان کۆمەلێک ژمارە وبێنووسن کە بۆ رەش کردنی لاپەرەکان کۆکراوە, بەڵام بەداخەوە ئەم رەوتە لەلایەن هەندێک لە بەرێوەبەرەکان پەیرەو دەکرێت.

لە سەدەی بیست و یەک, زانایی مرۆڤ بە داتا و زانیارییەکان بەستراوە کە توانایان هەیە چۆنیەتی ئاراستەی کردەوەکان و جموجۆڵی بەتەواوی بگۆرن و بنچینەیەکی گۆمان هەڵنگرە کە یەک لە پێوەرە سەرەکییەکانی هەڵسەنگاندنی بەرەو پێشچوونی وولاتان , هەبوونی سیستەمێکی گونجاو بۆ کۆکردنەوە ئامار و زانیارییەکانە.

لێکدانەوە, رێکخستن و شی کردنەوەی داتاکان وەک بنچینەی ئامار و زانیارییەکا,کەرەستەی خاوی سەرەکی دەژمێردرێت بۆ دارشتنی پلان و بەرنامە لە ئاستی بچووک تاکو بەرز.

---

[2] سەرچاوە:

CIA factbook

EW Economic Center

UN Economic Statistical Center

بەرەچاوگرتنی رۆلی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە چوارچێوەی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بۆچالاکوانانی کەرتی تایبەت و هەروەها سەرنجدان بە گرنگی داتا ئامارییەکان بە مەبەستی لێکدانەوە و شی کردنەوەی رەوتی مێژوویی، بارودۆخی ئێستا و پیش بینی داهاتوو وە بەرزکردنی ئاستی توانای دارشتنی بەرنامەی گونجاوی ئابووری،وەلەبەرنەبوونی هەماهەنگی و هاوکاری لەخاڵە سنوورییەکان لەگەڵ لایەنی پەیوەست بەکۆکردنەوەی زانیاریە ئامارییەکانی پەیوەست بەکەرەستەی هاووردەو هەناردە لە وولاتانی جیهانەوە بۆهەرێم و عێراق و پێچەوانەکەیەوە, بۆیە بەرێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەدواداچوون لەوەزارەتی پیشەسازی وبازرگانی حکومەتی هەریمی کوردستان بەناچاری بۆکۆکردنەوەی ئەم زانیاریانە پەنای بردۆتە بەرسەرچاوەکانی جۆراوجۆر.

وەک داتابیسی بازرگانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN Comrade)، سەنتەری بازرگانی کومیسیونی ئەوروپا (EUCTC)، سەنتەری بازرگانی جیهانی (WTO)، کۆمیسیونی ئاماری نەتەوە یەکگرتووەکان (UNSC)،سەنتەری ئاماری بانکی جیهان (WITS)، سەنتەری بازرگانی یەکەتی ئەوروپا (Eurostat), سەنتەری بازرگانی نێودەولەتی (ITC)، لە هەموویان گرنگتر لە ژووری بازرگانی و پیشەسازی، وەزارەتی بازرگانی ، وەزارەتی ئابووری یان وەزارەتەکانی پەیوەندیدار لە وولاتانی جیهان وەرگیراوە لە بەر ئەوەی راپۆرتی دەزگای ناوەندی ئامار .

داتاکانی وەرگیراو بەگشتی لەسەربنەمای کۆدەکانی سیستەمی هەماهەنگ (HS 2002, System Code Harmonized) دەقی 2007 یان 2012 بووە کە بە پێی کۆدەکانی 2012 راست کراوە، بەڵام لە راپۆرتی بنەماکانی دەقی 2017 رەچاو گیراوە.

جیاوازی زۆر دیارە لە نێوان ڕاپۆرتی بازرگانی بڵاوکراو لە لایەن دەزگای ناوەندی ئامار لە عیراق بەناوی ((تقرير الاستيرادات لسنه 2016)) لەگەڵ ڕاپۆرتی ئامادە کراو لەلایەن وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی حکومەتی کوردستان بە ناوی ((ئالوگۆری بازرگانی نێوان عیراق و هەرێمی کوردستان لەگەڵ وولاتانی جیهان 2014-2017)).

هۆکارەکانی ئەم جیاوازیانەش بریتیە لە:

1- بەهای کەلوپەلی هاوردە لە ڕاپۆرتی دەزگای ئاماری عیراق بەشێوەی CIF خەمڵێندراوە واتا نرخی کۆتایی لە خاڵی گومرکی عیراق کە پێکدێت لە خەرجییەکانی پەیوەندیدار بە نرخی کرینی هاوردە لە خاڵی گومرکی وولاتی هەناردەکار, گواستنەوە لە شوێنی بەرهەم هێنان تا سنووری عیراق, دڵنیایی, بارکردن و بەتاڵ کردن و ....هتد. بەڵام لە ڕاپۆرتی هەرێمی کوردستان بەهای کەل وپەلی هاوردە بە شێوەی FOB خەمڵێندراوە کە بریتیە لە نرخی کۆتایی لە خاڵی گومرگی وولاتانی هەناردەکار. بۆ نموونە نرخی مامناوەندی یەک تەن هێلکەی هاوردەکراو لە تورکیا لە ڕاپۆرتی عیراق (975) دۆلار وە لە ڕاپۆرتی هەرێم (898) دۆلار خەمڵێندراوە, یان نرخی مامناوەندی یەک تەن مریشکی پارچەکراوی بەستراوی هاوردەکراو لە برازیل لە ڕاپۆرتی عیراق (1934) دۆلارە و لە ڕاپۆرتی هەرێمی کوردستان (1279)دۆلار خەمڵێندراوە.

2- بەپێی رێنماییەکان سەنتەری بازرگانی جیهان, ئەو کەلوپەلە عەسکەریانە کە بەپێی گرێبەست نێوان دوو وولات ئالوگۆر دەکرێت نابێت لە ئاماری هاوردە و هەناردەی وولاتان هەژمار بکرێت, بەڵام دەزگای ناوەندی ئاماری عیراق, ئەم رێنماییە رەچاو نەگرتووە و هەمۆی ئەو کەل و پەلانەی لە ئاماری هاوردەی عیراق تۆمار کردووە. لە ئاماری هەرێمی کوردستان تەنها ئەو بەشە تۆمار کراوە کە بۆ بەکار هێنان لەلایەن هاووڵاتیان هاوردە کراوە وە یان لە چوارچێوەی گرێبەستەکانی وەزارەتی بەرگری عیراق نەبووە و لە لایەن وولاتی هەناردەکار ئاماژەی پێکراوە.

3- لە راپۆرتی دەزگای ناوەندی عیراق هەمووی ئەو کەل و پەلانەی کە لە چوارچێوەی یارمەتی و هاوکاری مرۆڤی لەلایەن ووڵاتان یان رێکخراوەکان بەبێ پارە بۆ عیراق و بەتایبەت بۆ هاوکاری ئاوارەکان و پەنابەران هەناردە کراوە وەک کەل و پەلی هاوردە هەژمارکراوە. بەڵام لە راپۆرتی هەرێمی کوردستان نرخی ئەم کەل و پەلانە هەژمار نەکراوە بەهۆی تۆمار نەکردنی لە لایەن ووڵاتانی هەناردەکار.

4- لە زانیارییەکانی بڵاوکراو لەلایەن دەزگای ناوەندی عیراق, ئەو برە هاوردەیە کە لە خاڵە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ عیراق هاتووە هەژمار نەکراوە. لەراپۆرتی هەرێمی کوردستان ئەم برە بەپێی سەردانی مەیدانی و زانیارییەکانی وەرگێراو لە بازرگانانی هەرێمی کوردستان وەرگیراوە و خەمڵێندراوە هەروەك لەراپۆرتی بری هاوردە بۆ هەرێمی کوردستان (خاڵە سنوورییەکان) و ناوچەکانی تری عیراق دیارکراوە.

5- رەچاو نەکردنی ستانداردەکانی پێدانی زانیارییەکانی پەیوەندیدار بە ئالوگۆری بازرگانی لەلایەن دەزگای ناوەندی ئاماری عیراق هۆکارێک بووە بۆ دروست بوونی جیاوازییەکی زۆر نێوان ئاماری بڵاوکراو لەلایەن حکومەتی فیدرالی عیراق و زانیارییەکانی بڵاو کراو لەلایەن ووڵاتانی هەناردەکار کە بە شێوەیەکی فەرمی لە ماڵپەرە ئابوورییەکان هاتووە. بۆ نموونە لە خشتەی خوارەوە هەڵسەنگاندنی نێوان ئەم دوو شێوە دیار کراوە .

خشتەی 1: هەڵسەنگاندنی نێوان ئاماری هاوردە بۆ عێراق لە ساڵی 2016 بە پێی ئاماری دەزگای ناوەندی ئاماری عێراق و سەنتەری ئابووری جیهان ( ملیار دۆلار)

| ناوی وولآت | بڕی هاوردە بۆ عێراق جگە لە هەرێمی کوردستان ( دەزگای ناوەندی ئاماری عێراق) | بڕی هاوردە بۆ هەمووی عێراق ( سەنتەری ئابووری جیهان کە لە وولآتانی هەناردەکار وەرکیراوە) |
|---|---|---|
| چین | 16,9 | 7,6 |
| ئۆردن | 6,5 | 5 |
| کویت | 0,1 | 0,3 |
| ئیمارات | 0,6 | 5,4 |
| کۆریای باشوور | 4,4 | 0,8 |
| ئەڵمانیا | 1,5 | 0,35 |
| یاپان | 1,2 | 1,3 |
| ئەمریکا | 0,86 | 1,3 |
| ئیتالی | 1 | 0,7 |
| ئیران | 1,9 | 6,1 |
| تورکیا | 0,12 | 7,6 |

بە پێی زانیارییەکانی وەرگیراو لە ڕێکخراوە ئابوورییە جیهانییەکان و وولاتانی هەناردەکار بڕی گشتی هاوردەی عیراق جگە لە بەرهەمە نەوتییەکان، گرێبەستەکانی وەزارەتی بەرگری و یارمەتی وولاتانی یارمەتیدەر لە ساڵی 2016 نزیکەی (41) ملیار دۆلار و لە ساڵی 2017 نزیکەی (44) ملیار دۆلار دیار کراوە. بڕی هاوردەی هەرێمی کوردستان لە هەریەک لەم ساڵانە نزیکەی (16) ملیار دۆلار خەمڵێندراوە. ئەم بڕەیە بە نرخی (فۆب) هەژمار کراوە کە نرخی هاوردە لە خاڵی گومرکی کۆتایی وولاتی هەناردەکارە.

بەرزترین ئاستی بە های هاوردەی عیراق بە شێوەی (CEF) بۆ ساڵی 2016 لە (54) ملیار دۆلار و لە ساڵی 2017 لە (58) ملیار دۆلار تێپەرنابێت و بۆ هەریەک لەم ساڵانە بەهای هاوردە بۆ هەرێمی کوردستان نزیکەی (21) ملیار دۆلارە.

خشتەی 2: بەهای هاوردەی عیراق و هەرێمی کوردستان لە وولاتانی جیهان
ساڵانی 2016 و 2017 , بەبەهای 1000 دولاری ئەمریکی


| شوێن | بەها لە 2016 | بەها لە 2017 |
|---|---|---|
| هەرێمی کوردستان | 15,927,944 | 16,133,247 |
| ناوچەکانی تری عیراق | 25,000,822 | 27,395,099 |
| عیراق بە گشتی | 40,928,766 | 43,528,346 |

هاوردەی عیراق بە گشتی و هەرێمی کوردستان بە تایبەت لە ساڵی 2017 لە (102) وولات بووە. زانیارییەکانی پەیوەندیدار بە ساڵی 2017 لە (82) وولات وەرگیراوە، بەڵام زانیارییەکانی نزیکەی (20) وولات لە ساڵی 2017 بۆمان نەگەیشتووە. بۆیە زانیارییەکانی ساڵی 2017ی ئەو وولاتانە بە پێی ساڵی 2016 خەمڵێندراوە .

ئالوگۆری بازرگانی لە سەرچاوە بیانییەکان وەرگیراوە و بەهای شتومەکی هاوردەکراوە لە خاڵی سنووری وولاتی هەناردەکار بە شێوەی فۆب (FOB ) هەژمار کراوە.

بڕی پەیوەندیدار بە هەرێمی کوردستان ئەو کەل و پەلانە دەگریتەوە کە لە لایەن بازرگانانی هەرێم لە چوار خاڵی سەرەکی ئیبراهیم خەلیل، حاجی عۆمران، باشماغ و پەرویزخان هاوردەکراوە. بۆ نموونە لە کۆی گشتی 7,6 ملیار دۆلار هاوردەی عێراق لە تۆرکیا لە ساڵی 2016 تەنها 100 ملیۆن دۆلار لە خاڵە سنوورییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان هاوردەکراوە بەلام بڕی 5,7 ملیار دۆلار لە خاڵە سنوورییەکانی هەرێم بەرەو عیراق هاتووە کە 5,7 ملیار دۆلاری لە لایەن بازرگانانی هەرێم بووە.

هێڵکاری 1: هەڵسەنگاندنی ئالوگۆری بازرگانی(هاوردە) نێوان عیراق، هەرێمی کوردستان و وولاتانی جیهان لە ساڵانی 2016 و 2017, بەبەهای 1000 دولاری ئەمریکی





خشتەی 3: ئالوگۆری بازرگانی(هاوردە) نێوان عیراق، هەرێمی کوردستان و جیهان لە ساڵانی 2016 و 2017, بەبەهای 1000 دولاری ئەمریکی

| ت | شوێنی لێ هاوردەکراو | بەها لە 2016 | | بەها لە 2017 | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | عێراق بە گشتی | هەرێمی کوردستان | عێراق بە گشتی | هەرێمی کوردستان |
| 1 | ئەفریقا جگەلە وولاتە عەرەبیەکان | 18,058 | 1,080 | 11,532 | 1,466 |
| 2 | وولاتە عەرەبیەکان | 8,256,075 | 3,128,403 | 9,009,883 | 2,926,683 |
| 3 | رۆژهەلاتی ئاسیا | 9,489,327 | 1,717,189 | 9,581,026 | 1,966,443 |
| 4 | رۆژهەلاتی ناوەراست* | 13,768,149 | 9,002,342 | 14,287,545 | 9,067,093 |
| 5 | ئەمریکای باکور | 1,382,350 | 352,148 | 1,280,721 | 351,262 |
| 6 | وولاتانی ئوقیانوسەکان | 31,547 | 4,603 | 75,614 | 4,685 |
| 7 | ئەمریکای باشور | 653,641 | 79,037 | 1,122,725 | 90,354 |
| 8 | باشوری ئاسیا | 1,105,177 | 121,766 | 1,428,029 | 128,138 |
| 9 | باشوری رۆژهەلاتی ئاسیا | 348,349 | 88,323 | 427,955 | 109,173 |
| 10 | وولاتانی ئەورووپی(یەکێتی ئەورووپا) | 4,286,893 | 1,274,204 | 4,294,228 | 1,335,073 |
| 11 | ئەورووپا (جگە لە وولاتانی سەربەیەکێتی ئەورووپا) | 1,565,579 | 140,229 | 1,983,504 | 134,315 |
| 12 | وولاتانی ئاسیای ناوەند | 23,621 | 18,620 | 25,584 | 18,561 |
| | سەرجەم | 40,928,766 | 15,927,944 | 43,528,346 | 16,133,247 |

* هەردوو وولاتی تورکیا و ئێران لە خۆ دەگرێتەوە .


هێڵكاری 2: ئالوگۆری بازرگانی(هاوردە) لەنێوان عیراق، وهەرێمی كوردستان و جیهان لە ساڵی2017,
بەبەهای 1000 دولاری ئەمریكی




خشتەی 4: ئالوگۆری بازرگانی(هاوردە) نێوان عیراق، هەرێمی کوردستان و وولاتانی جیهان بە پێی کۆمەلەی HS لە سالآنی 2016 و 2017 بەبەهای 1000 دولاری ئەمریکی

| زنجیرە | بابەت | بەها لە 2016 | | بەها لە 2017 | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | عیراق بە گشتی | هەریمی کوردستان | عیراق بە گشتی | هەریمی کوردستان |
| 1 | ئاژەلی زیندو و بەرهەمە ئاژەلییەکان | 2,266,947 | 1,154,994 | 2,558,910 | 1,121,456 |
| 2 | بەرهەمە رووەکیەکان | 2,904,154 | 1,496,390 | 3,199,470 | 1,523,036 |
| 3 | چەوری ، رونی ئاژەڵی و رووەکی و بەرهەمەکانیان | 555,950 | 316,683 | 530,135 | 289,508 |
| 4 | خۆراکی ئامادەکراو ، خواردنەوە نا کحولییەکان، خواردنەوە کحولییەکان، خەل وتوتن | 3,308,205 | 1,541,929 | 3,825,444 | 1,453,402 |
| 5 | بەرهەمە کانزاییەکان | 1,319,318 | 173,230 | 1,459,389 | 155,489 |
| 6 | بەرهەمە کیمیاوییەکان و پیشەسازی پەیوەندیدار | 2,922,426 | 1,113,506 | 2,987,882 | 1,027,106 |
| 7 | کەرستە و بەرهەمە پلاستیکی و لاستیکییەکان | 2,357,171 | 962,903 | 2,323,207 | 858,885 |
| 8 | پێستی خاو ، پێست ، (چەرم)پێست موبیەکان و بەرهەمەکانیان | 144,607 | 32,817 | 141,754 | 35,736 |
| 9 | قوماش و جل و بەرگ | 255,291 | 107,258 | 254,384 | 111,873 |
| 10 | پێلاو ، کلاو و چەتر | 453,603 | 154,851 | 461,972 | 169,284 |
| 11 | دار و کەل و پەلی دار، خەلوزی دار، تەپەدۆرەی دار | 2,849,416 | 896,893 | 3,143,242 | 1,027,534 |
| 12 | هەویری دار (پالپ) و ریشاڵەی سیلولۆزی | 486,987 | 152,544 | 447,391 | 156,754 |
| 13 | کەل و پەلی بەردین، گەچ ، چیمەنتو و ئاسبێست | 1,324,935 | 354,212 | 1,236,026 | 273,256 |
| 14 | گەوهەری سروشتی یان دەستکردی بەنرخ | 3,422,232 | 2,592,429 | 4,090,475 | 2,740,894 |
| 15 | فلزە سەرەکییەکان و کەل و پەلی دروست کراوە لە فلزە سەرەکییەکان | 3,231,761 | 1,018,467 | 3,164,659 | 983,692 |
| 16 | مەکینە، ئامێرو ئامرازی میکانیکی وکارەبایی | 7,665,255 | 2,344,014 | 7,144,897 | 2,392,219 |
| 17 | کەل و پەلی گواستنەوە | 1,874,921 | 1,028,965 | 2,575,939 | 1,292,131 |
| 18 | کەلو پەلی وێنەگری ، پزیشکی ، کۆنترۆڵ و پێوانەکردن | 619,075 | 130,721 | 667,846 | 138,187 |
| 19 | چەك و تەقەمەنی | 184,747 | 103 | 116,689 | 93 |
| 20 | جۆرەکانی تری کەل و پەلی دروست کراو | 1,443,945 | 326,217 | 1,521,651 | 365,843 |
| 21 | کەل وپەلی هونەری ، ئەنتیك و کەل وپەل بۆ کۆکردن | 989,471 | 28,820 | 1,249,029 | 16,869 |
| | **کۆی گشتی** | **40,580,417** | **15,927,944** | **43,100,391** | **16,133,247** |

هێڵکاری3: هەلسەنگاندنی هاورده لەنێوان عیراق و هەرێمی کورستان لەگەڵ ووڵاتانی تر ساڵی 2016, به بەهای 1000 دولاری ئەمریکی




هێڵکاری 4: هەلسەنگاندنی هاورده لەنێوان عیراق و هەرێمی کورستان له ساڵی 2017, به بەهای 1000 دولاری ئەمریکی



وەزارەتی پلاندانان – دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

www.krso.gov.krd